# ئەدەب و کولتوور

ڕووداو

ژمارە (20) دووشەممە 2017/5/22

email: bijar.hekim@rudaw.net

www.rudaw.net



ژمارەی داهاتوو:

» دەقی نوێی کەریم دەشتی

» وێنە تاریکەکەی شانۆکەمان




## ماری قسەیفی بۆ ڕووداو:

# ئەدەبی عەرەبی لە قەیرانی شوناسدایە


■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ماری قسەیفی، ژنە شاعیر و ڕۆماننووسی لوبنانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئەدەب و کولتووری ڕووداو کە لە ژمارەی داهاتوو دەقەکەی بڵاودەبێتەوە، دەڵێت: "هیچ کاتێک باوەڕم وا نەبووە کاری نووسین جیهان بگۆڕێ، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە خاوەنەکانی دەگۆڕێ، ئەوەی ناگۆڕێ دوای نووسینی کتێبێک یان خوێندنەوە، شایەنی ئەوە نییە وشەی بخرێتە بەرچاو".

ئەو ژنە شاعیر و ڕۆماننووسە هەروەها دەڵێ: "ئەو ژنەی زاتی ئەوەی نەبوو خۆشەویستی بکات یان ڕێگری لێکرابوو، قوربانییە. یەکێک لە خاسیەتەکانی خۆشەویستی ئازایەتییە. ئەو ژنەی ئازاری هەیە لە نووسینەکانمدا، ئەوەیە کە دەترسێ و ژێردەستە و ئارەزووەکانی دەشارێتەوە. ژن دەبێت شەرم نەکات و هەموو شت بە خۆی ڕەوا ببینێ، ئەمەش پێویستی بە زیرەکیی زۆر هەیە تا ژن بتوانێ هاوسەنگی دروست بکات".

لەبارەی بارودۆخی ئەدەبی عەرەبییش بەگشتی، ماری قسەیفی دەڵێ: "ئێستا ئێمە لە قەیراندایین و توانای دیاریکردنی شوناسی خۆمان نییە. زۆر باوەڕم بەگشتگیری نییە بۆ ئەدەبی عەرەبی کە لە باکووری ئەفریقاوە تا فەلەستین و لوبنان و سووریا و عێراق بگرێتەوە، چونکە هەر ناوچەیە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و بە ئەدەبی خۆی دەناسرێتەوە. بەڵام بەگشتی ئەدەبی عەرەبی لەقەیرانی شوناسدایە".

ماری قسەیفی، ساڵی 1960 لە ناوچەی ڕەیحانەی بەیرووت لەدایکبووە. ماوەی بیست و پێنج ساڵە لە بواری فێرکردندا وەک مامۆستا کار دەکات و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لوبنان و وڵاتانی عەرەبی نووسینی بڵاوکردووەتەوە. یەکێکە لە ژنە شاعیرە بەناوبانگەکانی جیهانی عەرەبی و خاوەنی چەندین خەڵاتی عەرەبییە بۆ ئەدەبیات.



# تابلۆیەکی پیکاسۆ بە 45 ملیۆن دۆلار

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

یەکێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی وێنەکێشی بەناوبانگی جیهان پابلۆ پیکاسۆ بە نرخێکی ئێجگار گران فرۆشرا و فرۆشتنی تابلۆکەش ناوەندە هونەرییەکانی نیگەران کردووە.

ئاژانسی هەواڵی بی بی سی عەرەبی بڵاویکردەوە، تابلۆیەکی وێنەکێشی بەناوبانگی جیهان " پابلۆ پیکاسۆ بە 45 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە و تابلۆکەش ناوی" ڕۆڵی گوریس"ـە کە بریتییە لە وێنەی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی و وێنەی ژنێکە بە جلوبەرگێکی شینەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە.

بەگوێرەی هەواڵەکەی بی بی سی عەرەبی، تابلۆکەی پیکاسۆ لەلایەن نازیەکانەوە لەماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا دزراوە، بەڵام دواتر لەلایەن جەنگاوەرانی فەرەنسییەوە دۆزراوەتەوە و پارێزراوە.

پابلۆ پیکاسۆ، وێنەکێش و شێوەکاری ئیسپانی، یەکێکە لە گەورەترین هونەرمەندانی سەدەی بیست. کارە هونەرییە ناوازە و ئاستبەرزەکانی لە جیهاندا بایەخێکی تایبەتیان پێدەرێت و لەدوای مردنی، بە بەهای دەیان ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێن .




## ڕۆمانەکە مێژووی عێراق دەگێڕێتەوە

# کوژرانی کابرای کتێبفرۆش بە کوردی بڵاودەبێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "مقتل بائع الكتب- کوژرانی کابرای کتێبفرۆش" لە نووسینی" سەعد محەممەد ڕەحیم" لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی کورد" سەباح ئیسماعیل" کرایە کوردی و لە کۆتایی ئەم مانگەدا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاودەبێتەوە.

سەباع ئیسماعیل، لەبارەی نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەڵێ: "ڕووداوەکانی لە چوارچێوەیەکی بەرینی جوگرافیدا ڕوودەدەن، لە عێراقەوە درێژ دەبنەوە تاوەکو ئەورووپا، بەدرێژایی زەمەنێک کە نزیکەی نیو سەدە دەخایەنێت، لەسەر باکگراوندی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە لەو دەیان ساڵانەدا بەچاوی خۆمان بینیومانن".

سەعد محەممەد ڕەحیم، لەم ڕۆمانەیدا کە زەمەنی ڕۆمانەکە جیایە لە زەمەنی گێڕانەوە، دەخوازێت ئێستای عێراق، واتە عێراقی پاش دیکتاتۆرییەت بخاتە قاڵبی ڕۆمانەوە. هاتووە لە ڕێگەی کاراکتەرێکی نادیارەوە مێژووی ئەمدواییەی عێراق دەنووسێتەوە. هەڵبەت هەروەک چۆن مێژوو بەئارەزووی دەسەڵاتداران نووسراوەتەوە، بەهەمان شێوە لەم ڕۆمانەشدا کاراکتەرەکان بەمەبەستی ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر نهێنییەکانی مێژووی ژیانی مەحموود مەرزوقی، شێوەکار و عاشقی موزیک و ئەدەب و زمان و کتێب و جوانی و پێوەندییە مرۆییەکان، بەئارەزووی دڵی خۆیان گەواهی دەدەن.

وەرگێڕی ڕۆمانەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە وێڕای ئەوەی مەرزوقی کتێبفرۆش لە وڵاتەکەی خۆی هەڵدێت و لەتێک لە ژیانی لە تاراوگە دەژێت، کەچی سیاسەت هەڵیدەدات و هەمیشە چارەنووسی لێرە و لەوێ دیاری دەکات. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئامانجی روون نییە. تووشی ئەزموونی شکستخواردووی خۆشەویستی دێت، دەستگیر دەکرێت، ساڵانێکی زۆر شار و وڵاتەکەی جێدەهێڵێت، پێش ئەوەی بەخەونێکی شکستخواردووی دیکەوە بگەڕێتەوە.

# لەبارەی ڕەخنەی هونەری



نەبەز سەمەد

ڕەخنەی هونەر چییە؟ بۆچی ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی، هێنانەگۆڕێی پرسیار چ لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان و چ لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردیدا دەگمەنە؟ لە ڕاستیدا، بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی ڕەخنەیی لەلای کورد وەکو تێکدان، لادان و وەکو دوژمنکاری سەیر دەکرێت. ڕەخنە لەلای کورد واتایەکی نێگەتیڤی وەرگرتووە. ئاخر ئێمە بەگشتی ترادیسیۆنێکی هونەریمان هەیە بەئاگاییەوە، ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدا بۆ ڕەزامەندیی گشتی کاربکات. بۆیە ناتوانێ لەتەک هزرێکی ڕەخنەیی پەیوەندی چێبکات. ئاخر ئەگەر تۆ هۆشێکی ڕەخنەیی ئازادت نەبێت، چۆن دەتوانی ڕەخنەییانە لە هونەر بڕوانیت؟ هۆشی ڕەخنەیی هۆشێکی ناسکە، چێژڤانە، ڕاهێنان پێکراوە و لەنێو جیهانی جوانیدا، لەنێو هونەردا قووڵ بووەتەوە. بۆیە ئەم کەسە دەتوانێ لەنێو هۆشسامبوونەوە بە جوانی، گۆڕان بە دیدێکی ڕەخنەیی بدات و ئەوجا کارا ببێت. ئەوسا ڕەخنەگر لە خۆشەویستییەوە بۆ کارە هونەرییەکە دێت ڕەخنەییانە لێی دەڕوانێت، نەک لە ڕق و کینەوە یان لەبەر دۆستایەتی لەگەڵ هونەرمەندەکە!

لە ڕەخنەی هونەردا سێ توخم هەن کە گەرەکە ڕەخنەگر لە کاتی ئاخاوتن یان نووسین سەبارەت بە کاری هونەری ڕەچاویان بکات. ئەم سێ توخمە بریتین لە: وەسف و ڕوونکردنەوە (Describing)، ڕاڤەکردن ((Interpreting بڕیاردان (Judgment). لە خوارەوە دەمەوێ ئەم سێ توخمەی ڕەخنەی هونەر شرۆڤە بکەم.

یەکەم، وەسفکردنی ئیشی هونەری: وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی کارە هونەرییەکان ڕەخنەن، نەک تەنیا پێشمەرجی ڕەخنە. ئاخر ڕەنگە خوێنەرەکانت، گوێگرەکانت هەرگیز ئەو کارە هونەرییەیان نەبینیبێ کە تۆ لەبارەیەوە دەئاخڤی یان دەنووسی، بۆیە گەرەکە تۆ وەک ڕەخنەگر ڕوونکردنەوە سەبارەت بە کارە هونەرییەکە بدەیت و وەسفی بکەیت. ئەرکی سەرەکی وەسفکردن پیشاندانی دیاردان و فێنۆمێنی ئیشە هونەرییەکەیە. لێرەدا دوو سەرچاوەی سەرەکی بۆ زانیاری وەسفی سەبارەت بە کارەکە هەن:

زانیاریی ناوەکی: ئەمەیان پەیوەستە بەوەی کە دەتوانرێ چی لەنێو کارە هونەرییەکەدا ببینرێت. ئەمەش سێ کاتیگۆری لەخۆدەگرێت: بابەتی کارەکە (subject matter): ناوی کارەکە دەگرێتەوە لەگەڵ چ شتێک، شوێنێک، فیگۆرێک، ڕووداوێک یان خەڵکێک لەنێو ئیشە هونەرییەکەدا دەناسرێتەوە. میدیۆم: واتا ماتریال و کەرەستەی کارە هونەرییەکە، بە چ کەرەستە و ماتریالێک کارەکە دروستکراوە. فۆڕم: هونەرمەند بە چ فۆڕمێک، چۆن شێوەی بە بابەتی کارەکە داوە لە ڕێگەی کەرەسەی کارەکەوە.


زانیاریی دەرەکی: زانیاریی دەرەکی ئەمانە لەخۆدەگرێت، زانیاری سەبارەت بە کات و سەردەمی ئەفراندنی ئیشەکە، دۆخی جڤاکی و ڕۆشنبیریی سەردەمی کارەکە، واتا هۆشی سەردەم. هەروەها ئیشی هونەریی دیکە لەلایەن هەمان هونەرمەند یان هونەرمەندانی دیکەوە. وەسفکردنی گەلەرییەکە، تۆنی گشتی پێشانگاکە، ناونیشانی کارەکان، قەبارەیان، کەرەستەکانیان، زانیاری بیۆگرافیی هونەرمەندەکە.

دووەم، ڕاڤەکردنی کارە هونەرییەکە: ڕاڤەکردن لەسەر بنەمای دوو جۆر زانیاری دەبێت: بەڵگەی ناوەکی و دەرەکی. ناوەکی پەیوەندی بە خودی کارە هونەرییەکەوە هەیە. دەرەکی پەیوەستە بە زانیاریی پەیوەندیدار کە لەنێو کارە هونەرییەکەدا نین، وەک کارەکانی دیکەی هەمان هونەرمەند، بیۆگرافییەکەی، هەروەها جێندەر، تەمەن، نەژادی هونەرمەندەکە، لەگەڵ کەشی جڤاکی، سیاسی، ئایینی، هەروەها کات و شوێنی چێکردنی کارەکە.


یەکەم پێشدانراوی بنەڕەتی ڕاڤەکردنی کاری هونەری ئەوەیە کە کارەکە سەبارەت بە شتێکە. کاتێک تۆ ڕاڤە دەکەیت، ئەوا تێگەیشتنی خۆت بۆ کارەکە دەردەبڕیت بەڕێی چۆنیەتی نووسینەکەت و دابینکردنی بەڵگە بۆ تێگەیشتنەکەت. تێگەیشتنی هەموو هونەرێک سەبارەت بە هونەرەکانی دیکەیە، واتا کاریگەرە بە هونەرەکانی دیکە و لەگەڵیاندا لە دانوستاندن و دیالۆگدایە. لە هەمان کاتدا، هەموو هونەرێک کاریگەرە بەو کولتوورەی کە هونەرمەند تێیدا دەژی. ئامانجی ڕاڤەکردن واتادارکردنی هونەر و کارە هونەرییەکەیە بۆ خوێنەر لە ڕێگەی خودی کارە هونەرییەکەوە، کارەکانی دیکەی هونەرمەندەکەوە، یان سەرجەم هونەر و کولتوورەوە. چەندین جۆری ڕاڤەکردنمان بۆ کارە هونەرییەکان هەیە: دەروونشرۆڤەیی، نوێمارکسیت، فێمێنیست، مۆدێرنیست، پۆستمۆدێرنیست.

سێیەم، بڕیاردان لەسەر کاری هونەری: بڕیاری بەرپرسانە بەسەر کارەکەدا، هەروەها هەڵسەنگاندن و نرخاندنێکی ڕوون سەبارەت بە نرخ و بەهای کارە هونەرییەکە و ئۆبژێکتی هونەر لە خۆدەگرێت لەگەڵ هۆکارەکانی ئەم هەڵسەنگاندن و نرخاندنە بۆ کارەکە لەسەر بنەمای پێوەری شیاو. چەند جۆر پێوەر بۆ بڕیاردان بەسەر کاری هونەریدا هەن: ڕیالیزم، فۆرمالیزم، ئێکسپرێشنیزم، ئینسترومێنتالیزم. یان ئاوێتەی پێوەرەکان، واتا زیاد لە پێوەرێک بۆ بڕیار بەسەردادانی کاری هونەری بەکاربهێنیت. بۆ نموونە، ئەگەر کارەکە بەڕوونی سیاسی بوو، ئەوا دەتوانرێ پێوەری ئینسترومێنتاڵیزمی بۆ بەکاربهێنرێت، ئەگەر فۆرمال بوو، ئەوا پێوەری فۆرمالیزمی بۆ بەکاربهێنرێ، هەروەها دەکرێ پێوەری جیاواز لەلایەن ڕەخنەگرانی جیاوازەوە بۆ هەمان کاری هونەری بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، کارەکانی جاکسۆن پۆلۆک لەلایەن گرینبێرگ بە پێوەری فۆرمالیزم هەڵدەسەنگێندرێن و بڕیاریان بەسەردا دەدرێ، بەڵام لەلایەن ڕۆسنبێرگەوە بە پێوەری ئێکزیستێنسیالیزم دەخوێندرێنەوە و بڕیاریان بەسەردا دەدرێت.


کاتێک تۆ وەک ڕەخنەگر بڕیار بەسەر کارێکی هونەریدا دەدەی، ئەوا تۆ ئامۆژگاری بە هونەرمەند نادەیت، بەڵکو بۆ خوێنەران و گوێگرانی ڕوون دەکەیەوە بۆچی تۆ شتێک وەک باش یان خراپ دەبینی و لەسەر چ بنەمایەک ئەو بڕیارەت داوە. بۆیە ڕەخنە واتا پتر خستنە سەر دانوستاندن و دیالۆگی هونەر نەک کۆتایی پێهێنانی. تۆ دەتەوێ لەڕێی بەشداریتەوە درێژە بە دانوستاندن و دیالۆگی هونەری بدەیت.



# نووسەری کورد و نووسین بە زمانی بێگانە



حەمە فەریق حەسەن



ئێمەی کورد، زۆرجاران نابەجێ مامەڵە لەتەک وشەی (پیرۆز)دا دەکەین. لە گیرفانی خۆمانەوە واتای وەها سەیری دەدەینە پاڵ، کە وشەی پیرۆز لە خۆیدا هەڵینەگرتووە، وەک: ڕۆژێکی پیرۆزە، یان جەژنت لێ پیرۆز بێت. ئەم جلکە نوێیەت لێ پرۆز بێت... بەدرێژایی هەزاران ساڵ بندەستی و تەپەسەری، زمانی کوردی قەوارەی ئێمەی وەک گەلێکی جیاواز پاراستووە. زمانی کوردی تاپۆی ئێمەی وەک گەلێکی جیاواز، لەسەر ئەم زەوییە هێشتووەتەوە. بۆیە یەک لەباری گەلی کورد، ئەگەر بشێت وشەی پیرۆز لە سەرەتای ئەم سەدە نوێیەدا بەکاربهێنرێت، ئەوا شایانی زمانی کوردییە.

پرسیار لەمەڕ زمان، پرسیارە لەمەڕ هەبوون و ئامادەیی ئێمە وەک گەلێکی جیاواز، لەسەر ڕووی زەوی. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت پرسی زمان نەبووبێت بە بەشێک لە سیاسەتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی خۆمان. وا دیارە پرسی زمانی کوردی، نەخراوەتە خشتەی کاری وەزارەتەکانی فەرهەنگ، پەروەردە و خوێندنی باڵاوە!

وا دیارە لەڕووی زمانەوە، تاکی کورد لە دونیادا بێ وێنەیە. ئەو لە ڕشتەکانی ئەندازە، جوگرافیا، فیزیک و چی و چیدا، خاوەنی بڕوانامەی باڵایە، کەچی ناتوانێت نامەیەکی ئاسایی بە کوردییەکی ڕەوان بنووسێت. دەشێ بڵێین، لە دوای ڕاپەڕینەوە زمانی کوردی لە جوانی بەتاڵ بووەتەوە!

زمان دەستە و تاقم و چینەکانی گەلێک یەکدەخات. کۆمەڵ دەکات بە جڤاکێکی پتەوی ئەوتۆ، تاکە ئاوەزێک بەڕێوەی ببات. زمان دەتوانێت قسەیان، ئاوات و ئیرادەیان یەک بخات. هەر گەلێک زمانی یەکگرتووی نەبێت، خۆیشی یەکگرتوو نابێت. ئەو گەلەشی کە زمانی خۆی دۆڕاند، ئەوا بەهای مرۆڤانەی خۆی دۆڕاندووە.

هەر زمانیشە کار لە هزر دەکات. دەگونجێت بڵێین، ئێمە وەک گەلێک، ئەوەتاین لەنێو زمانی کوردیدا. هەر گەلێکیش بە وشەگەلی زمانی خۆی وێنەی سەردەم و دەوروبەری خۆی و جیهان دەکێشێت. تۆ هەر دیاردەیەک بگریت، زمان بە شێوازی خۆی گوزارشتی لێ دەکات و وێنەی دەکێشێت. بەو واتایەی ئێمە بە کوردی دونیا دەبینین. چونکە ئێمە بە کوردی بیردەکەینەوە. ئەو وشانەی، وا ئێمە ڕۆژانە بەکاریاندێنین، بەرهەمی کولتوور و خدەی گەلێکە، کە تۆ هەروا بە ئاسانی نازانی لە کۆنیدا بۆ کام چەرخ لە چەرخەیلی مێژوو دەگەڕێتەوە.

ئەو ئەدەبەی لە هەڕەتی هەژموونی زمانی عەرەبی، تورکی و فارسیدا، لە هەلومەرجی ناجۆری ژێردەستەییدا، بە زمانی کوردی نووسرابێت، جیاوازە لەوەی کە ئێستا دەنووسرێت. ڕەنگە ئەو ئەدەبەی ئەوسا، کە سەرلەبەری شیعر بوو، زیاتر سۆز و هەستی وەرگری جووڵاندبێت. ئێمەی نەوەی ئەمڕۆیش، هەم ڕێزی لێ دەنێین، هەمیش وەک نەختینە و ئەنتیک بۆی دەڕوانین. وەک ئەو ڕێزەی، کە نەوەی ئێستا بۆ مەم و زینی خانی و شیعری حاجی قادری کۆیی هەیەتی. وەک ئەنتیک بۆی دەڕوانین چونکە بێ نەزیرن و دووبارە نابنەوە. وێڕای ئەوەی، ڕەنگە دید و ڕوانینی ئێمە بۆ ئەو ئەدەبە سۆزی نەتەوایەتیشی تێکەڵ بووبێت.

وەکوتر، ئەگەر ئەوسا، نووسەری کورد مالیجەی نەبووبێت و لە بێدەرەتانیدا بە زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی نووسیبێتی و گوزارشتی کردبێت، ئەوا ئێستا، لە کوردستانی باشوور، کوردی نووسین ئازادە. ئێمەیش بۆمان هەیە بپرسین، داخۆ ئێستا، نووسەرانی کورد لە باشوور، چ پاساوێکیان بۆ بە عەرەبی نووسین بەدەستەوەیە؟

بەڵگەنەویستە هەر گەلێک بندەست بێت، زمانەکەیشی بندەست دەبێت. پاشەکشە دەکات و وەک پێویست پێی نانووسرێت. زمانیش بە زەبری نووسین هەڵدەکشێت و گەشە دەکات. لە عیراقدا، عەرەبی زمانی زۆرینە و زمانی فەرمیی دەوڵەت و ئاین بووە. واتە پێشنۆرە بۆ زمانی عەرەبی بووە. تەواوی چاپخانەیلی وڵات، عەرەبی بوونە. بۆیە هەر کارێکی ئەدەبی، ئەگەر بە کوردی نووسرابێت، ئەوا بواری زۆر کەمی بۆ چاپ و پەخش لەبەردەستدا بووە.

ئێستاش دۆخێکی نوێ لەئارادایە. زمانیش ناسنامەیە. زمانی کوردی بڕبڕەی پشتی ئەوێتیی گەلی کوردە. زمان و خاک، دوانەی ئەوێتیی کوردەواری پێکدەهێنن. بۆیە هەر بەرهەمێک بە زمانی عەرەبی نووسرابێت، دەشێ بڵێین، ئەوێتی یان ناسنامەی عەرەبیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. واتە ئەو ئەدەبەی کە نووسەرێکی کورد بە زمانی عەرەبی دەینووسێت، لە ڕووی ناسنامەوە ناتەواوە. بۆیە ناکرێت لەسەر ئەدەبی کوردی و دواجار لەسەر گەلی کورد بکرێت بە ماڵ. ئەو ئەدەبە لە هەر کتێبخانەیەکیشدا پۆلێن بکرێت، لە خانەی ئەدەبی عەرەبیدا جێی بۆ دەکرێتەوە.

ئەگەر خەڵک هەبن نەتوانن ئەو هزرەی کە لە مێشکی خۆیاندا هەڵیانگرتووە، بخەنە چوارچێوەی زمانی کوردییەوە و بە کوردی دایبڕێژن، ئەوە ئۆباڵی لە ئەستۆی زمانی کوردی نییە، بەڵکو ئەوە کەمتەرخەمیی تاکەکان خۆیانە، کە نەیانتوانیوە گەشە بە زمانەکەی خۆیان بدەن، تاکو جێ بۆ هەر هزرو هەر زانستێک بکاتەوە. ناکارایی هەر زمانێک، لە سۆنگەی ناکارایی تاکەیل خۆیانەوەیە. ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆیانە کە نەیانتوانیوە وەک پێویست خزمەتی زمانەکەیان بکەن و پەرەی پێبدەن. زمانەکە بەرپرسیار نییە. بەوەدا کە ئەو هەموو چیرۆک و ڕۆمانە بە زمانی کوردی نووسراون، یان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون، بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی زمان، کەوتووەتە سەر ئاست و توانای تاکەیل خۆیان. ئەوە تاکەیلن، کە توانای زمانیی خۆیان سەردەخەن.

زمان هەر ژمارەیەک وشەی بێ ڕەگوڕیشە نییە. زمان پێوەندییەکی ڕەوانی و مێژوویی بە تاکەیلی ئەو گەلەوە هەیە. ئەو کوردەی بە زمانی بیانی بنووسێت، ئەوا گشت ئەو پێوەندی و سۆزبەندییە ڕەوانی و مێژووییە ئەفەرۆز دەکات، کە لە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی ئێستا هاتوون و ئێمەیان لە بن چەتری خۆیاندا کۆکردووەتەوە، ئێمەیان کردووە بە کەسی یەکتری. بەعسییەکان بڕوایان وابوو، ئەو تاکەی بە زمانی عەرەبی بدوێت، ئیتر بە عەرەب حسێبە. ئەوەشی لەسەر نیشتمانی عەرەب بژی، بە عەرەب حسێبە!

خۆ نووسین هەر ڕیزکردنی مشتێک وشە نییە، بەڵکو سیستمێکی مێنتالی و هزریشە. ئەو نووسەرەی بە زمانی کوردی بنووسێت، دیارە بە کوردیش بیردەکاتەوە. ئەو نووسەرەشی بە زمانی عەرەبی بنووسێت، ئەوا بە عەرەبی بیردەکاتەوە. عەرەبی و کوردی دوو زمانن، مێژوو، ڕێزمان. پاشخان و گۆکردنیان جیاوازە. زمانی عەرەبی، نووسەر دەباتەوە بۆ ژینگەی بیابان، بۆ لای گەلێک، کە ڕچەڵەکی تری هەیەو سەر بە هەرێمەکەی ئێمە نییە. وەک چۆن زمانی کوردی، تاک دەباتەوە بۆ جوگرافیایەکی دیکەی شاخاویی ئاویژە و کەشوهەوای جیاواز. وێڕای ئەوەی، ڕێزمانی ئەم دوو زمانە زۆر لە یەکەوە دوورن.

عەرەب بە (عامی، جلڤە) بیردەکەنەوە، کە سەدان شێوەی هەیە. واتە هەر کۆمەڵەو بە شێوە جلڤەی دەڤەری خۆی. کەچی بە (فوسحا، ستاندارد) دەنووسن. واتە لە کاتی نووسیندا، دێن بیرکردنەوە جلڤەکەی خۆیان وەردەگێڕنە سەر زمانی ستاندارد. تۆ هەر نووسەرێکی عەرەب بگریت، بەرلەوەی بە عەرەبی بنووسێت، سەرەتا لە هزری خۆیدا، ئەوەی وا بیری لێ دەکاتەوە، وەریدەگێڕێت. ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە.

لەلایەکی ترەوە، ئاسان نییە، نا عەرەبێک بتوانێت ژمارەیەک لە پیتە عەرەبییەکانی (ط،، ص ، ذ، ث، ظ،، ض) تەواو وەک خۆیان گۆ بکات. بەتایبەتی ئەو دوو پیتەی دوایی، عەرەب خۆیان نەبن، ئاسان نییە ئەوانی تر بە دروستی گۆیان بکەن، یان بە دروستی لە یەکیان جیابکەنەوە. ئەوەی بیەوێت بە دروستی گۆیان بکات، دەبێت هەوڵی زۆر بدات، سیستمی بیرکردنەوە و جووڵەی ژێیەکانی دەنگ و لێو و زمانی، وەک ئەوان لێ بکات. دیارە تاکی عەرەبیش بە زەحمەت دەتوانێت پیتەکانی (پ، ژ، ڤ) گۆبکات. ڕەنگە من ڕاستییەکی گرینگم نەدرکاندبێت ئەگەر بڵێم: ئەو کوردەی بە زمانی عەرەبی بنووسێت، ئەوا تاکەیلی کورد زوو خۆی و بەرهەمەکانی لەبیردەکەن.

# بۆچی دەنووسن..؟

**دلاوەر قەرەداغی**

**بەختیار حەمەسوور**

**پشکۆ نەجمەددین**

## وەڵام دەدەنەوە

**کاتێک وەک خوێنەرێک بیر لەوە دەکەینەوە کە نووسەرێک خەریکە هەموو شتێکی گرینگی ژیانی لە خۆی دووردەخاتەوە و بە وشەچنینەوە خەریک دەبێت، پرسیاری ئەوە دروست دەبێت کە ئەم مرۆڤە بۆچی دەنووسێت؟ گرنگیی نووسین چییە کە ئاوا ئینسان لە دنیای واقیع دادەبڕێ! ئەگەر نەنووسێ چی ڕوودەدات؟ ئایا دەکرێ ئەو هەموو مرۆڤە بنووسن و نووسینی هیچ یەکێکیشیان لەوەی دیکە نەچێت؟ ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش هەن کە بە گرنگمان زانی لە تەوەرێکدا بۆ وەڵامەکانی بگەڕێین. لەم ژمارەیەدا هەریەک لە شاعیر و وەرگێڕ دلاوەر قەرەداغی، نووسەر و وەرگێڕ پشکۆ نەجمەددین و بەختیار حەمەسووری چیرۆکنووس وەڵامی پرسیاری «بۆچی دەنووسی؟» دەدەنەوە.**

■ ئامادەکردنی تەوەر: بەشدار سامی

## دلاوەر قەرەداغی:
### نازانم بۆچی دەنووسم، بەڵام دەزانم بۆچ شتێک نانووسم



ئەدەب و کولتوور: بۆچی دەنووسیت؟.. ئەگەر نەنووسی هیچ کێشەیەک ڕوودەدات؟.. بایەخی نووسین بۆ تۆ چییە؟.. هیچ کات تەنیا بۆ ئەوە نووسیوتە کە ناوت وەک نووسەرێک بمێنێت؟.. تا کەی دەنووسیت و چۆن دەتوانین نووسینی تۆ لە نووسینی نووسەرانی دیکە جیا بکەینەوە؟.. نووسەرانی کورد بە گشتی وەکوو یەک و لە چوارچێوەیەکدا نانووسن؟

دلاوەر قەرەداغی: بە یەقینەوە نازانم بۆچی دەنووسم، زۆریش بەدوای ئەوەوە نیم کە بزانم بۆچی دەنووسم، بەڵام بە یەقینەوە دەزانم بۆ چ شتێک نانووسم. هەر لە سەرەتای هەنگاوەکانی نووسین و هەڵکشانی ئەو تەمەنەوە کە پێی دەگوترێ ئەزموونی نووسین، بە ڕادەیەک مەودای پەیبردنم بە ئەو (بۆ چ شتێک نەنووسینەم) بەرفراوان بووە کە لە یەک کاتدا هەم ئازادیی زیاتری بۆ جووڵە و ڕوانین و ئەزموونکاری پێبەخشیوم و هەم تا ڕادەیەکیش بێمنەتی کردووم لەوەی وردە وردە خۆم لەژێر قورسایی ئەرکە ناسراو و زەحمەت و باوەکانی نووسەربوون و ئەو پەیامەی کە نووسەرێتی لە گوتاری ئەدەبیی ئێمەدا هەڵگرێتی، دەربکێشمە دەرەوە.

نازانم بۆ دەنووسم، بەڵام دەزانم بۆ ئەوە نانووسم کە ئەو پانتاییە بەرفراوان و فرە مەودای ئازادییە مەرجدارە، بە خۆبەندکردن لەنێو چوارچێوەی نووسەریتی و خۆتەنگەتاوکردن بە بەجێهێنانی ئەرکێک ( بۆ نموونە گۆڕینی کۆمەڵگە یان دونیا) لە خۆم بەرتەسک و بچووک بکەمەوە، چونکە دڵنیام ئەوە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکە نە من لە قەرەی دێم و نە ئیشی منیشە و نە تەنانەت توانای بانگەشەکردن و لافلێدانیشیم هەیە و دڵنیام لە داهاتووشدا نامبێ. ئەوەیش لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی کە من لەو بەستێنەدا یەخەگیری ئەولەویەتی ترم و زیاتر کات و توانا و دەرفەتەکانم بەشی ئەوە دەکەن بپەرژێمە سەر خۆم، واتە شەڕ بە خۆم بفرۆشم و بیانوو بە خۆم بگرم و بە خۆمەوە سەرقاڵ بم:

من وەک مرۆڤێک سیخناخم بە تاریکی و ناهارمۆنییەت، مەحکومم بە گوناهگەلی بچووک و گەورە، بە سەرکێشی و دڕدۆنگی و ڕاڕایی، بە خەیاڵی ناخۆش و خەونی ترسناک، بە حەز و هەڵە و پەشیمانی، بەردەوام پێویستم بەوەیە لەڕێی نووسینەوە دەرچەی جۆراوجۆر بکەمەوە و تاریکیی چڕ و شەوەزەنگەکانی ناوەوەم بگۆڕمە ڕۆشنایی و بیانکەمە ڕۆژی ڕووناک، تا لانیکەم بیانبینم و ئاشنایان ببم و ئەگەر بکرێ لەگەڵیان هەڵبکەم و خۆم لەگەڵیان بگونجێنم، چ باشتر بشتوانم ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بێت، لەگەڵیاندا پێکبێم.

لایەنێکی دیکەی کێشەکە ئەوەیە من ناچاریش بووم دنیایەک کە پێی نامۆم و ژیانێک کە لێوانلێو لە بێهوودەییە و خەڵکانێک کە تا سەر ئێسک پێیان بێگانەم، ببەمە فەزای مەجازیی نووسینەوە، واتە ئەگەر بتوانم بیانگوێزمەوە ئاستێکی تری زوبان و گێڕانەوە و بەیەکدادان و دۆزەخ و شەڕ و پێکەوەهەڵکردن و یەکتر دواندن، کەواتە نووسین بە لامەوە نەک هەر کێشەیە، بەڵکو جۆرێکە لە گلان بە قەدەرێکی تراژیکییانەوە، چوونە ژێر باری نەفرەتێکە کە نووسەر مەحکوومە بە هەڵگرتن و دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵیدا، هاوکات ئەزموونکردنی بێهوودەییەکی سیزیف ئاسایانە و چەشەبوونیشە بە چێژێکی شاعیرانەی خۆبوون و ڕەتکردنەوەگەلی ئازایانە و بەرپرسیارانە.

بەم مانایە قوتاربوون لە قەدەری نەفرەت و دۆزەخ و وەهمی نووسین، جۆرێکە لە ڕزگاری و خەڵاس لە هەڵگرتنی باری ئەو هەموو تاریکییە. نەنووسین واتە ڕووناکبوونەوە و ئاشتبوونەوە و بەهەشت و هارمۆنییەت. واتە چاکبوونەوە لە قەدەرێکی تراژیک و ڕزگاربوون لە وەهم. لەڕاستیدا من زۆرجار ئیرەیی بەو کەسانە دەبەم کە نانووسن، یاخود واز لە نووسین دەهێنن، هەمیشە ئەو کەسانەم بە خەڵکانی ساخڵەم و بەختەوەر و ئازاد زانیوە. بەڵام ئەوەیشم بیرناچێتەوە کە نووسین بۆ هەندێک نووسەر (کە ڕەنگە منیش یەکێک بم لەوان) قەدەرە و نەنووسینیش لەخۆبێگانەبوون و هەوڵێکی بێهوودە و ناکامە بۆ خۆدەربازکردن و خۆلادان لەو قەدەرە.

جا هەمان ئەم دید و ڕوانینەیە بۆ نووسین، ناچارم دەکا زۆر کەم بپەرژێمە سەر ئەوەی کە بزانم یان مەبەستم بێ بزانم فلان نووسەری کورد چۆن دەنووسێ و فیسار نووسەر چۆن نانووسێت (بەو مانایە نا کە بەرهەمی هەندێکیان ناخوێنمەوە). من بە تەنها (خۆش یان ناخۆش، جوان یان ناشیرین، شاز یان نەشاز) گۆرانیی خۆم دەڵێم. من لە کۆرسێکدا گۆرانی ناڵێم تا خەیاڵم لای ئەوە بێ کێ گۆرانییەکە خۆش دەڵێ یان کێ نەشازی تێدا دەکا و بەهۆیەوە کۆراڵەکەمان لێ دەشێوێ. ڕەنگە یەکێک لە هەرە شتە باشەکانی قەدەری تاڵ و تراژیکییانەی نووسینیش هەر ئەوە بێ کە میلۆدییەکە بە کۆمەڵ ناژەنرێ، بەڵکو وەک سۆڵۆیەکی تەنیا و بێ سەمبووری و غەمگین.

## پشکۆ نەجمەددین:
### بۆئاسوودەکردنی ڕووحی ماندووم دەنووسم

جگە لە نووسین، کارێکی دیکە نازانم، دەشزانم کە نووسین شتێک لە گرفت و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ناگۆڕێت!

نووسین بۆ من، تەنیا هەوڵێکە بۆ ئاسوودەکردنی ڕووحی ماندووم و واقیعی دزێو و بێزراوی ژیان، تەنیا لە کرۆکی نووسیندا، دەکرێت لە جوانییەکانی خەیاڵ و فەنتازیا بپێچرێت و لە ساتەوەختی نووسین و خوێندنەوەدا، ناشیرینییەکانی وەژێر ڕەنگاڵەی پەیڤەکانەوە بکرێن! من بۆ خۆم دەنووسم و ئەوە نیگەرانییەکانی ناخی خۆمن لە ئاست زوڵم و ناعەدالەتییەکانی دەرەوەی خۆم کە ناچار بە خوردبوونەوە و تێڕامانم دەکەن و لە دنیای پڕخەیاڵی نووسیندا، نغرۆم دەکەن! دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە ساتی نووسین و بەردەوامیی پرۆسەی نووسیندا، تەنیا «من» نییە کە دەبێت ئۆخژن بکات و هەناسەیەکی قووڵی ئاسوودەیی هەڵمژێت، بگرە «ئەو»ی خوێنەریش لەبەر چاوی دڵ دادەنێم، دەیبینم و گوێ لە ترپەکانی دڵی، لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، دەگرم. من لە سەروەختی نووسیندا، هەوڵ دەدەم هەم نووسەر بم و هەمیش خوێنەرێک کە لە دەرەوەی مندایە و لە «من»یشدا! من تەنیا لە نووسیندا دەژیێم و هەست بە زیندووبوونی خۆم دەکەم. ئەگەر نووسین جێیهێشتم، ژیانیش جێمدەهێڵێ!

لە سەرەتا و دەستپێکی نووسیندا، دەبێ بڵێم بیست و پێنج ساڵ تا سی ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ، دەبێت خۆدەرخستن وەکوو نووسەر، سەلماندنی خود لەنێو دنیای نووسین و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ناوبانگ و ناوێک، کۆمەڵە فاکتەرێکی ئاژووادنی پرۆسەی نووسین بووبێتن لە کن من و هەر نووسەرێکی تازەکار، بەڵام ئێستا ئیدی ئەوە بەسەرچوو! ئێستا هەم نووسین و هەم موتیڤ و پاڵنەرەکانی، دەشێت شتگەلێکی دیکە و لە شوێنی تر بن! نووسین و خوێندنەوە، سەرتاپای وردینەکانی ژیانی منیان داگیرکردووە هەتا دڵ عیشقێکی تێدا بمێنێ و سەر «نەبێتە زرکەتاڵ!» چنگاڵەکانی نووسین، لە ڕیشاڵەکانی ڕووحم نابنەوە!



دواتریش، ئیدی مردنە و ئاو بێنە و دەستان بشۆ! هەموومان دەنووسین و شتگەلێکی فرە دەگێڕینەوە، هەندەک جاریش هەمان شت و هەمان حیکایەت، گرنگ نییە! بەڵام زۆریش گرنگە کە چۆنیان دەنووسین و چۆنیان دەگێڕینەوە . ئەوە تەنیا بەکاربردنی زمان و میتۆدی نووسین و گێڕانەوەکانمانن کە لێکمان جودا دەکەنەوە!

## بەختیار حەمەسوور:
### دەنووسم، چونکە زمانم دەرەقەتی ئەو هەموو زۆربڵێیی و بەسەرهاتانەی دەوروبەرم نایەت



نووسین بەر لە هەر شت، ڕۆڵ و کارکردی گێڕانەوە بۆ من دەگێڕێت، گێڕانەوە چەشنی تەونێکی چنراو و چین چین. دەنووسم، چونکە زمانم تاقەتی نییە و دەرەقەتی ئەو هەموو زۆربڵێیی و بەسەرهاتانە نایەت کە خەریکن لە دەوروبەر و تەنیشتم دەگوزەرێن. وەک پۆل ریکوور دەڵێت: « گێڕانەوە خۆی بریتییە لە وەبیرهێنانەوە و دژ بەفەرامۆشی دەوەستێت.» دەمەوێت ژیانی ئەوانی تر لە فۆڕمی چیرۆکدا ببینم، چۆن چیرۆک لە توانایدایە ژیانی ئەوانی ترم لە هەر شت کە هەیە، زیاتر و باشتر پێشان بدات. خودی ژیان و گەردوون، لەنێویشیدا ئینسان وەک کاهینێکی ڕازئامێز، مایەی تێڕامانن، گەڕان بە شوێن ئەگەر و کردنەوەی مەتەڵ و گومان و ڕازەکان، کاری نووسینە، لەوەی ئێمە چیمان دەوێت و چۆنمان لە خۆمان و لە چواردەور دەوێت. ئەگەر نووسین دەرفەتێک نەبێت بۆ دووبارە دروستکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەگەر و مەتەڵ و گومان، نەبێت باشترە. زەرووڕەتێک هەبێت دیسان لەم بەستێنەدا شکڵ و شێوە دەگرێت؛ زەرووڕەتی ناسینی خۆمان و بەردەنگانی دوور. مەرجی ئەم ناسینە جاری وا هەیە لەڕێی نووسینی نووسەرانی ترەوەیە، نووسەرانێک کە بە شاقووڵی ڕۆچوونەتە پێست و سایکۆلۆژیای ئینسان و کەوڵی خەون و خولیاکانی. لەم بارەدا نووسراوی ئەوانی دی دەبێت بە نووسراوی ئێمە، ئێمەیش بەشدار و پاسیڤی ئەو پڕۆسەیەین و لێرەدایە ناوێک، وەک نووسەر، مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت، بەو واتایەی من و نووسەری نووسینێک کە دەبێتە گەیەنەری دەنگ و ڕەنگی من، دەگەینە جۆرێک لە کەولاوکەوڵ و سەربەسەرانە، من ئەوم و ئەویش من. بۆیە ناوی نووسەر شتێکە هەمیشە لە دەرەوەی من درێژە و بەردەوامی بە خۆی و دنیاکەی دەدات، ناوی من وەک کەسێکی ئاسایی و ڕۆژانەی نێو چایخانە یان سەرەی نان و ناو پاس، تەواو دابڕاو و پچڕاوە لەو ناوەی بەسەر نووسین و کتێب و چالاکییە فەرهەنگییەکانی منەوە هەیە، بەڵام لەم نێوانەدا ساتگەلێک هەن ناسک و توورت، ساتگەلێک کە ئەم دوو ناوە بەریەک دەکەون و شتی سێیەم بەرهەم دەهێنن. ناوی ئاسایی من ناوێکە ڕەتکەرەوە و نەفی ناوی نووسەربوون دەکات، ڕەد و نەفییەک تا ئاستی حاشالێکردن، ناوی نووسەریی منیش ناوێکە نایەوێت ئاسایی و ڕۆژانەیی و جاددەیی بانگ بکرێت و بناسرێت، دەیەوێت لەڕێی نووسین و خوێندنەوەی بەردەوام، بەوی تر بڵێت: وا بمناسە! ململانێیەکی سەخت و هەندێکجاریش سەخیفە، بە بۆچوونی من ئەگەر مانایەک بۆ ئەم دوو شێوازە لە ژیان هەبێت و بتوانن یەکتر پڕ و پتەو بکەن، ئەم ساتگەلەیە، گەرچی ئەم ساتگەلە کورت و خێرایە، بەڵام کاریگەرە و دوورمەودا.

ئەوەی تا کەی دەنووسم، پرسێکە نادیار و لێڵ، ڕەنگە پەرەدان بەو ئایدیا و ململانێیەی سەرەوە بتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەم پرسەیش بێت؛ تا کاتێک کێشمەکێشی دوو جۆر لە ژیان و شێواز بەریەک و پێکدابچن، نووسین شتێک دەبێت حەتمی. بەڵام نووسین بۆ ئەوەی نووسین بێت، دەبێت تەکاندەر و نەفیکەرەوەی خۆی بێت، نەک مەنگ و وەستاو، هەر نووسینێک بە جۆرێک لە جۆرەکان خیانەتە بە نووسراوی پێش خۆی، دەبێت ئەم خیانەتە بکات، ئەگەر ویستی وەفادار و دەستپاک بمێنێتەوە، نەبێت باشترە. بۆ جیاکردنەوەی نووسینی من لە نووسینی کەسێکی تر، ئەگەر جیاوازییەک هەبێت، کاری ڕەخنەیە و لێکۆڵینەوە. نووسراوەکان هەن و بەردەستن، بۆیە بە داوای لێبووردنەوە ناتوانم شتێکی تر لەوبارەوە بڵێم. بەڵام ئەگەر نووسینی خۆم لەم پرسە دەرکێشم و شتێک زیاد بکەم، دەڵێم، جیاکردنەوەی نووسینی نووسەرێک لە یەکێکی تر، لای من، سەرەتا و یەکەم پێوەر، حەساسیەتی زمانە، واتە تا چەند و چۆن ئەو نووسەرە بە شوێن تۆن و فۆنی خۆیدا ڕۆیشتووە و دەڕوات، حەساسیەتی زمان لە بچووکترین دەربڕین و سەرفی وشە، ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە سەبکی، بۆ نموونە، ئەنوەر مەسیفی، بە من دەڵێت جیایە و جودا لە لەشکرێک لە هاونەوە و هاوجیلەکانی و دواتریش. لە درێژەی سەرنجەکەی سەرەوەدا، دەتوانین پەرە بە وەڵامی ئەو پرسیارەیش بدەین کە نووسینی کوردی لە یەک چوارچێوەدا دەنووسرێ یان نا؟ نووسینی کوردی ئێستا تووشی نەزیف و ئینتەلا هاتووە، بە پەلە دێت و بە پەلە ئێکسپایەر دەبێت و دەڕوات، یەکڕەنگی و یەکدەنگییەکی سەیر و خۆش باڵی کێشاوە بەسەر فەزاکەدا، دەزانم و ئاگادارم لەم بەستێنەدا کەسانێک هەن پرسەکەیان جیدی و گرنگ گرتووە، نایانەوێت سەر بەو ڕەوتە ژوورنالیستی و نزمە بن، بە توندی ڕادەپسکێن و مل بادەدەن، بەڵام دەنگە گشتی و فراوانەکە داغانە، دیسان دەیڵێمەوە بەهەندنەگرتنی زمان و حەساسیەتنەبوون پێی، قەیرانێکە تا ئاستی ترۆما، ڕۆڵی زمان تەنیا وەک ڕایەڵێکی ڕەحەتکەر و گەیەنەرە، بێ هیچ مەترسی و تەتەڵەیەک، خاڵی و زڕە لە هەر چەشنە چەتوونی و سەرکێشی و ڕادیکاڵبوونەوەیەک، هێندە خاڵی و زڕ، تا ئاستی سفر و سالب.

# چوار پارچە شیعری

# شاخە - ماریۆ مۆردەخای

■ لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار قاسم

## " مێژووی داهاتوو"

ئەو ئازارانە تەواوبوون
گریان نەما
لە ئەلبوومێکی کۆندا، لە ڕوخساری منداڵێکی جوو دەڕوانی
پازدە خولەک بەر لە گیاندانی.
چاوەکانت وشک و برینگن.
کتلییەکە دەخەیتە سەر ئاگر،
چایی بخۆ، سێو بخۆ.
تۆ زیندوویت.
هەمدیس بەڵێنی سەردەمێکی نوێ دراوە.
ئەوەتا هاتووەتە بوون.
وەکوو جنینێکی گرمۆڵەبوو
لە سەروبەندی لەدایکبووندایە،
دەڵێن ئەمە جیهانێکی نوێیە و ئەمەش مێژووی داهاتووەکەیەتی:
لە شوێنێک و لە ساتەوەختێکی زەمەندا
داوای بەڵگە و کاغەزەکانی لێدەکرێ.
دەکرێ ئەمە لە ئۆفیسی پێشوازی حکومەتێک
یانیش لە بەشی پشکنینی فڕۆکەخانەیەک بێ،
بەڵام دواجار لە هەموو سەردەمەکاندا
لە شوێنێکی جیهان
جەندرمەیەک داوای بەڵگەی لێدەکات.
ئەمەش واتە: لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا پاسپۆرتێکی ساختە دروست دەکرێ
ڕۆژێک لە ڕۆژان سوپایەک هەڵدەکوتێتە سەر شارێک،
کە ناوی پراگ یان هەولێر یانیش نیویۆرکە.
دەکرێ هەر ناوێکی هەبێ شارەکە.
زۆر شت لەژێر پەردەی شەودا دەگوزەرێ:
لەدەرگادان،
گرتنی زۆرەملێ و
دابڕاندنی دەستی باوکێک لە باسکی منداڵەکەی و دیارنەمانی.
زۆر شت لە بەرینایی ڕۆژی ڕووناکدا دەقەومێ:
تاڵان،
دەستدرێژی
سەربڕین.
بەڵام لە بازاڕ و بۆرسەکاندا
بازرگانی وەک هەمیشە بەردەوامە،
هەر وەک چۆن کوشتاریش بەردەوامە.
هەرزوو باند و گرووپەکان دێنە مەیدان و
لەبەر هەر هۆکارێک بێ دروشم لەدژی فلانە کەمینەیە دەنووسن.
داوا دەکرێ هاتنە نێو کیشوەرێک، وڵاتێک
یانیش دوکانێک قەدەغە بکرێ.
لەبەردەرگای دوکانەکە سەگێک چاوەڕێی خاوەنەکەی دەکات.
کەسێک لە دوای خۆی کۆمەڵێک کتێب، وێنە، بەتانییەکی کۆن و
عارەبانەیەکی بەختەوەری و خۆشەویستەکەی جێدەهێڵێ.
بەڵام هەڵگرتنی چاکەتێکی گیرفانداری بیر ناچێ
کەچی دەبێ لە کاتی خۆیدا و بە دەموچاوی دیارەوە
و پارە لە گیرفاندا شوێنەکە جێدەهێڵێ.
زۆر کەس بەپێ ڕادەکات.
هەندێکیش بە شەمەندەفەر لە شوێنەکە ڕادەکەن.
ئەگەر کەس نەبێ شوێنت بکەوێ، ڕاکردنیش نییە.
ئەگەر تۆفان نەبێ پەناگەش نییە

جیهان قۆنداخی تفەنگە و
لە شەویشدا گڵۆپی ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکان دەدرەوشێنەوە.
لانیکەم یەک کەس
کە ڕەنگە تۆ بیت
ڕێگەی لێ ون دەبێ و
ئاوات بە کۆتاییهاتنی ڕێگاکان دەخوازێ.
ئەوەتا، سەیری بکە،
پاڵی داوە بەسەر محەجەرەی تاریکیدا؛
بەلەمەکان لە خوارەوە بە ڕووبارەکەدا تێدەپەڕن و
ئۆتۆمبێلەکانی سەر پردەکەش
بۆ یەک چرکە سەرنجی دەبەن.
باز دەدا.
یانیش نا، لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە؛
بەڵام دواجار دەتوانێ خۆی ون بکات
وەک دیمەنێک لە پشت پەنجەرەوە.
کە ڕەنگە پەنجەرەکەی تۆ بێ.

## " تۆ دەپرسیت"

با ڕاستیت پێ بڵێم
وەڵامەکە"نا"یە.
لەسەردەمی منداڵیدا هەمووکات دەتوانی بە دوای هۆکاردا بگەڕێی.
چونکە هەموو شتەکان لەوێوە دەستپێدەکەن.
بەڵام چی لە پەنجەرەیەکی بەرز بکەم
ئەگەر هیچکام لەو شتانە نەبینم کە تامەزرۆیانم؟
خوایە
هەر ئێستا ئێمە لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵپەسێردراوین.
جێهێشتن و پاشەکشە قسەی خۆشن.
بەڵام بڕوات بێ، تۆ دەکرێ جێگیر بیت و بەو حاڵەشەوە بکەوی.
پێویست ناکات بۆ بێدەنگیت داوای لێبوردن بکەی، ئاسوودە بە
بەم دواییانە حەزم لێیە کحول بکەمە چاییەکەمەوە.
ئای! ئەمە خۆیەتی ـ ئەمە بەختەوەری ڕاستەقینەیە.
لە کوێ بووین؟ ئەها... باسی قسە خۆشەکان بوو.
ماوەیەکە چیدی هەست بە پاڵنەری گریان ناکەم.
ئەزانی چییە؟ ڕەنگە وەڵامەکە دواجار "بەڵێ" بێ.

## " بەرلینی"

وا لە ئونتر دێن لیندن پیاسە دەکەم و
پارێزگاری لەو فەرمانە دەکەم کە پێم دەڵێ

یادی خانەوادەی نەنکت بکەوە،
مەبەستم ڕۆزا دانتێ یە
کە شەش خوشک و دایکی لە ژوورەکانی گازدا لەدەستچوو
ئەمە ناوەکانیانە:
ڕێجینا دانتێ
سارا دانتێ
سوزان دانتێ
ماتیلدا دانتێ
گیۆیا دانتێ
دۆزەخ، بەرزەخ، فیردەوس

## " محەممەد بوعەزیزی"

من محەممەد بوعەزیزیم
هەرچەندە مردووم و
لە تونس ژیام، کە تێیدا لەژێر پێیەکانی دیکتاتۆرێکدا پانکرامەوە،
بەڵام دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە
تونس وڵاتێکە تێیدا دەتوانی سەرت بەرز ڕابگری
ئەگەر خۆت بتەوێ.
من خۆم پێموابوو ئەمە ناکرێ
وامدەزانی هەرچەند ساڵەکان زیاتر تێپەڕن
شیانی ئەوە کەمتر دەبێتەوە.
چ گەمژە بووین. ئەو نەوەیەی لە زانکۆکاندا زیرەکتر بووبوو
هێشتا هێندە زیرەک نەبوو کە بتوانێ لە کاتی خۆیدا
سەری بەرز بکاتەوە.
بەڵام حەز دەکەم پێتان بڵێم:
ئازادی لە شاراوەترین و جوانترین کێرڤەکانی دڵی ئێمەوە هەڵگیرسا
واتە لەو شتەوەی کە لەژێر پێستی لەشمانەوە پۆشیومانە.
با ئەوەشتان پێ بڵێم: ئەگەر داهاتووی خۆمان بگۆڕین، شێوازی هەڵسەنگاندنی ڕابردووشمان دەگۆڕێ.
بێدار بنەوە، براکانم لە تونس و لیبیاوە هەتا میسر و سووریا بێدار بنەوە!
لەوە مەترسن وەکوو خاک لێتان نزیکە
لە ئاگر مەترسن.
گوێ بگرن:
من محەممەد بوعەزیزیم
من لە جیهانەکەی ئێوەدا مردووم و زیندووم.
جیهانەکەی ئێوە کە لە ژێر پێی دیکتاتۆرەکاندا وردوخاش کراوە
پێتان دەڵێم:
لەم جیهانەدا خاکێک نییە تێیدا نەتوانی سەرت بەرز ڕابگری
هەڵبەت ئەگەر خۆت بتەوێ.

### لەبارەی شاخە ـ ماریۆ مۆردەخای:

ساڵی 1975 لە حەیفا لە باکووری ئیسرائیل لەدایک بووە. تەمەنی منداڵی و لاوێتی لە کیریات بیالیک بەسەر بردووە کە دەکەوێتە نێوان حەیفا و کۆنەشاری ئاکۆ، لە باکووری ئیسرائیل و ئێستاش لە تەلئەڤیف دەژی.

کتێبی" کێ پشتگیریمان دەکات" لە ساڵی 2013 لەلایەن خانەی وەشانی " ئام ئوڤید"بڵاوکرایەوە. پێشتریش لە ساڵی 2010 کتێبێکی شیعری دیکەی بە ناوی" مێژووی داهاتوو" لەلایەن خانەی وەشانی "ئیڤن هۆشن" بڵاوکرابووەوە. کتێبی داهاتووی وا بڕیارە ئەمساڵ بڵاوبکرێتەوە.

مۆردەخای لەساڵی 2010 خەڵاتی شیعری نیشتمانیی شارەوانی تەلئەڤیڤی وەرگرت . لەساڵی 2017ش خەڵاتی سەرۆکوەزیرانی بۆ شیعر پێبەخشرا.

**شاخە ـ ماریۆ مۆردەخای ئەو شیعرانەی تایبەت بۆ (ڕووداو) ناردووە.**

